# سەرکەوتنی سەردەم بەسەر قورئان وبانگەوازی سەربڕین!

## سەلام عەبدوڵلا

ئەنزۆ باڵدونی، هەڵنەواسرا؛ ئەنزۆ باڵدۆنی، گولەباران نەکرا؛ نەخێنکێنرا، نەخێر...ئیمڕۆ، دڕندەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەدەم خوێندنی قورئانەوە، لەگەل بانگەوازی(اللە ئەکبر)...(اللە ئەکبر)دا بە چەقۆ سەربڕیانبڕی!

ڤیدیو فیلمی ئەم تاوانە گەیشتووەتە کەناڵی(ئەلجەزیرە)، بەڵام چونکە دیمەنی سەربڕینی مرۆڤ ئەوەندە سامناکە؛ تاوانێکە ئەوەندە چەپەڵ و قورس و گرانە، کەس ئامادە نییە، پیشانی بدا، تەنها سایتی بن لادنییەکان نەبێ!

ئەو شێوە بڕیارە، لە قورئان بانگەوازی بۆ کراوە، بەڵام بۆچی کەناڵی تەلەفزیونەکان، ئامادە نین پشانی بدەن؟ ئەدی"خوا"کەیان لە قورئاندا نەیگوتووە((ئیتر هەر گا توشی ئەو بێ دینانە بوون، لەملیان دەن؛ پاش ونجڕونجڕ کردنیان شەتەکەیان دەن... سورەتی موحەمەد، ئایەتی4، لاپەڕەی507))

ئایا فەرمانی خودا و کرداری ئیسلام، کارێکی ئەوەندە قیزەوەن و هەست مردووە، تا تەنانەت کەناڵیك وەك (ئەلجەزیرە)ش ئامادە نەبێ بلاوی بکاتەوە؟!

بە بڕوای من، بەئاشکرا پیشاننەدان تاوانی سەربڕین لە کاتی پەخشکردنی هەواڵەکاندا، گەشترین و زەقترین سەرکەوتنی هەست و نەستی مرۆڤ و سەردەمە بەسەر(کەلام)ی"خودا". هەفتەی ڕابردوو، ناسیاوێکی ئیمانداری خوێندەوارم بینی، لە مەیانەی گفتوگۆکەماندا، گوتی: (من چیتر نوێژ ناکەم، وازم هێنا...ئەوە چییە، مرۆڤ چۆن سەردەبڕردرێ...من ئێستا کافرێکی پەتیم"!

بە بەرچاوماندا، ڕای گشتی مرۆڤایەتی، خودا و قورئان و ئەقڵی ئاینی لەبەردەم گەورەیی(باڵدونی)و هەموو ئەوانەی بە چەقۆ سەربڕان، بەر نەفرەت و نەعلەت دەدا!

ئایا ئەمە دەسپێکی هەرەسهێنانی ئەقڵی ئاینییە؟